# چۆن "ئەحلام مەنسوور"م ناسی؟

د. ئازاد حەمە شەریف

ڕۆژێکی زستانی کۆتایی ساڵی ١٩٨٩، دوابەدوای چاپکردنی ڕۆمانە مەزنەکەی (جێمس جۆیس) "وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوییدا"، ڕێم کەوتە (دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردیی) لە شاری (بەغدا). سەردانێکی لای مامۆستا (عەبدولرەزاق بیمار)م کرد و ئەو، ئەوسا لەوێ، یان کارمەندی گۆڤاری (بەیان)، یان هی (ڕۆشنبیریی نوێ) بوو. دوای چاکوچۆنیی و باسوخواسی ڕۆشنبیریی پێیگوتم: "باش بوو هاتیت و وابزانم خاتوو (ئەحلام مەنسوور) دەمێکە هەواڵت دەپرسێت و دەڵێت: ئەگەر ڕێی کەوتە ئێرە، حەزدەکەم بیبینم." منیش بە مامۆستا (عەبدولرەزاق بیمار)م گوت: "مامۆستا من وەک چیرۆکنووس خاتوو (ئەحلام مەنسوور) دەناسم، بەڵام وەک کەسێک، من ئەو ناناسم. دەبێ چ کارێکی بە من بێت؟" مامۆستا (عەبدولرەزاق بیمار) لە وەڵامدا گوتی: "ئێ خۆ ئەو لێرە دوور نییە. ئەوەتا وا لە خوارەوەیە و بڕۆ پرسگە و داوای بینینی بکە و خۆی دێتە لات و دەتبینێت؟"

پاش ماڵاوایی لە مامۆستا (عەبدولرەزاق بیمار)، چوومە خوارەوە و چۆنی پێگوتم وامکرد و لە پرسگە ناوی خۆم دا و پێوەندییان بە خاتوو (ئەحلام مەنسوور) کرد و گوتیان: " لێرە بوەستە، هەر ئێستا دێت؟"
دوای چەند خوولەکێکی کەم، ژنێکی ڕێکوپێکی چاوڕەشی ڕووخۆشی باڵا مامناوەندی خرپن هات و ڕووی کردە کارمەندەکەی پرسگە و گوتی:"کوا میوانەکەم؟"
ئەوانیش گوتیان: "ئەوەتا، ئەمە خۆیەتی؟"
خاتوو (ئەحلام مەنسـوور) گوتی: "کوا ئەو میوانەی ئێستا تەلەفۆنتان بۆ کردم؟"
منیش هەر لەوێ وەستابووم و نە ئەو منی دەناسی و نەمیش ئەو.
کارمەندەکە گوتی: "میوانەکەی تۆ ئەوەتا... ئەوە (ئازاد حەمە شەریف) ە و هاتووە بۆ بینینی تۆ؟"
خاتوو (ئەحلام مەنسـوور) بە باوەڕنەکردنەوە سـەیرێکی کردم و دواتر سەیری کارمەندەکەی کردەوە و بە پێکەنینەوە پێیگوت: "توخوا گاڵتەم لەگەڵ مەکە! بەم پێش نیوەڕۆیە کوا من سەلیقەی گاڵتە و گەپم هەیە؟"
کارمەندەکە ویسـتی بێتە وەڵام بەڵام من بەپێشـی کەوتم و گوتم: "تۆ خاتوو (ئەحلام مەنسوور) نیت؟ ئەوەی ویستبووت چاوت پێم بکەوێت؟"
خاتوو (ئەحلام مەنسوور) بە کەمێک سەرلێشێوانەوە گوتی: "تۆ (ئازاد حەمە شەریف)ی وەرگێڕی (جێمس جۆیس)یت؟! کورە بابە گاڵتە مەکە! تۆی وا تەمەن بچووک و بچکۆلانە قەت ئەو کەسە نیت؟"
هەر زوو زانیم کەسـێک بە هەڵە وەسـفی تەمەن و شـانوباڵی منی بۆ (ئەحلام) کردووە و ئەویش وێنەیەکی جیاوازی منی لە مێشکدا دروست بـووە، بۆیـە نـە بە کارمەندەکەی پرسـگە و نە بە منی بـاوەڕ دەکرد. ناهەقیشـی نەبوو، چونکە من ئەوسا تەمەنم لە سی ساڵ ڕەتی نەدابوو و هەمیشـەیش ڕووخساری من پازدە ساڵێک لە تەمەنی خۆی بچووکتر دیارە. دواتر ناسنامەی خۆمم پێی نیشاندا و هێشتا هەر دڕدۆنگ بوو بە چاوەکانی خۆی باوەڕی نەدەکرد.
ئەم هێن و منهێنە بەلای کەمەوە دە تا پازدە خوولەکی خایاند و پاشان بەنابەدڵـی گوتـی: "با تۆ ئەو بیـت. وەرە بابچینـە ژوورەوە و چایەک بخۆینەوە، ئینجا زیاتر قسان دەکەین!"
منـی بردە ژوورەکەی خـۆی لە (دەزگای ڕۆشـنبیریی و بڵاوکردنەوەی

کوردیــی) و چەنــد کارمەندێکی دیکەی ژن لەوێ بــوون و یەکێک لەوان خاتوو (سەرگوڵ تەیموور) بوو، هەرکە منی بینی هاتە لام و بەخێرهاتنی کردم و ئەمە وای لە خاتوو (ئەحلام) کرد ئەمجارە باوەڕ بکات من (ئازاد) م. (ئەحلام) لە خاتوو (سەرگوڵ تەیموور)ی پرسی: "چۆن کاک (ئازاد) دەناسیت؟ ئەی بۆچی من نەمناسیووە؟"

خاتوو (سەرگوڵ تەیموور)یش گوتی: "من چەند ساڵێک لەمەوبەر، وابزانم ســاڵی ١٩٨٣ بوو، کاتێک کاک (ئازاد) ماســتەری لە (ئەدەبی شانۆیی ئەمریکی) وەرگرتبوو چاوپێکەوتنێکم بۆ هەفتەنامەی (هاوکاری) لەگەڵی سازدابوو و هەر لەوساوە دەیناسم؟"

خاتوو (ئەحلام) گوتی: "کەواتە ئێوە ناسیاو و من بیانی؟"

منیش هەڵمدایێ و گوتم: "هاوڕێ چ کۆن و چ نوێ هەردووکیان لەلای من بەڕێز و خۆشەویســتن! کۆنەکە لەبەر کۆنی و نوێیەکەش لەبەر نوێیی!" لەگەڵ ئەم قسانە دامانە قاقای پێکەنین.

بەدەم باسی ئەدەب و ڕۆشنبیرییەوە بووین خاتوو (ئەحلام) باسی هێنایە سەر (جێمس جۆیس) و پێیگوتم: "کاتێک بینیم ڕۆمانەکەی (جۆیس) وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردیی، هەر وەختا بوو باڵ بگرم، چونکە من زۆر بەو ڕۆماننووسەوە دڵبەندم! بەڵام هەی بەدبەخت، تۆ پێم بڵێ چۆن وێرایت شان بدەیتەبەر ئەرکێکی وا سەخت و دژوار؟"

لە وەڵامدا گوتم: "چاوپێکەوتنە یان قسەی ئاسایی؟!"

ئەویش گوتی: "وەڵا بەڕاستی ویستم تۆ ببینم تاکو چاوپێکەوتنت لەبارەی ئەو ڕۆمانە و کار و پرۆژەکانی داهاتووت لەگەڵدا بکەم؟"

منیش گوتم: "هەر ئێستا و لێرە. من بەم دەمودەستە ناتوانم بکەم؟ با بۆ دەرفەتێکی دیکە بێت"

وەڵامیدامەوە و گوتی: "لە ئاسمان لەدوات دەگەڕام، تۆ لە زەوی بەدەستم کەوتیت! بەخوا تا چاوپێکەوتنەکە نەکەیت نایەڵم بڕۆیت!"

منیــش بۆ ئەوەی پێش چاوپێکەوتنەکە کەمێک کاتم بەدەســتەوە بێت بۆ بیرکردنەوە، گوتم: "وا نزیکەی نیوەڕۆیە و دوای نانخواردن دێمەوە و ئەوسا چاوپێکەوتنەکە دەکەین."

دیاربوو ئەو پلانێکی دیکەی هەبوو، بۆیە گوتی: "نیوەڕۆ تۆ میوانی منیت و دەچین لە خواردنگەیەک پێکەوە نان دەخۆین و دواتر ئەگەر حەز بکەیت لە شوێنێک چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دەدەین." زۆرم گوت نابێ و ناکرێت،

بەڵام ئەو هەر لەسەر قسەکەی خۆی سوور بوو. بەڕاستی ژنێکی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز، بەڕێز و میهرەبان بوو و تا ئەوپەڕی ئازادییش ئازاد و چاونەترس بوو. هەر تووشی شۆک بووم کاتێک ئەو دەستپێشخەریەم لەو دیت، چونکە ئەوسا ژنان بەگشتی بە سەتان کۆت و پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە بەسترابوونەوە. بەڵام ئەوەی ئەو حیسابی بۆ نەدەکرد ئەو دابونەریتە کۆنە هەزارساڵییەی ڕۆژهەڵات بوو. بۆیە هەر لەوێوە هەستمکرد من لەبەرانبەر کەسێکی مەزن و توانایەکی ڕاستەقینەدام.
هەڵساین و لە (دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردیی) دەرچووین و بە سواری پاس چووین بۆ (ئەعزەمیە) لەوێ نانی نیوەڕۆمان پێکەوە خوارد و دواتریش بە پێ گەڕاینەوە بۆ (پەیمانگەی بەریتانیی) لە (وەزیریە) و لەوێ ئەو چاوپێکەوتنەی خوارەوەمان ئەنجامدا و لە هەفتەنامەی (هاوکاریی) ژمارە (١٠٣٩) لە ١٩٨٩/١/٥ دا بڵاوکرایەوە:

## جۆیس بە کوردیی
## دیداری: ئەحلام مەنسوور

نیو ساڵ لەمەوبەر وەرگێر و نووسەری لاو کاک (ئازاد حەمە شریف) ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی دا)ی (جەیمس جۆیس)ی لە ئینگلیزییەوە کردبووە کوردیی و بە داخەوە تەنیا لە کاک (ئیسماعیل بەرزنجی) زیاتر کەس باسی ئەم هونەرەی نەکردووە.
ئەوەی ڕاستی بێت ماندوو بوون و شەونخوونی بە کارەکەوە دیار بوو، چونکە (جۆیس)ی لێهاتوو وەرگێڕێکی لێهاتووی دەوێت بۆ ئەوەی لێی تێبگات. وابزانم خوێنەرانی کورد لە دوورەوە (جۆیس) دەناسن، بەڵام ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیناسن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، چونکە دروشمی (جۆیس) (بێ دەنگیی، کارامەیی، گۆشەگیریی) بوو. بۆیە ئەو کەسەی، کە بەم کارە هەڵدەستێت دەبێت چەند مەرجێکی ئەوتۆی تێدا بێت، کە لە خەڵکی ڕەمەکییدا دەست ناکەوێت. ئێمە نامەنەوێت لە ڕێی ئەم پێشەکییە (جۆیس) بناسێنین، چونکە (جۆیس) مەزنترین ڕۆماننووسی سەتەی بیستەمە و خاوەنی چەندین تەکنیکی نوێیە بەتایبەتی ((تەوژمی هۆش و مەنەلۆگی ناوەوە و خۆدواندن و فلاش باک)). لەڕووی زمانیشەوە

زمانی لاتینیی بەکارهێناوە و کەڵکێکی زۆری لە بەکارهێنانی میتۆلۆژیا، هێما، ڕۆژنامە و یاداشتی خۆی لەگەڵ نوێترین ڕەوتی دەروونناسیی و شیکردنەوەی دەروون بینیوە.

ڕۆماننووسی شۆڕشگێر زۆر بە زیرەکیی و وردیی، ڕۆشنایی خستووەتە سەر باری کۆمەڵایەتیی، ئایینیی، ڕۆشەنبیریی و ڕامیاریی وڵاتەکەی خۆی. هەرچەندە لە وڵاتەکەی خۆی تۆرا و سەری هەڵگرت، بەڵام (دەبلن) و (دەبلنییەکان) هەر هەوێنی بیری بوون. (جۆیس) گەلێک جێگەی ئەورووپا گەڕاوە و لە (زیورخ و پاریس)دا ژیانی بەسەر بردووە و لە ساڵی ١٩١٤ بەزنجیرە لە ئیگۆیست (وێنەی هونەرمەند)ی بڵاو کردووەتەوە، کە (ئەزرا پاوند) سەرپەرشتی دەکرد. بۆ ئەوەی ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەم بەرهەمە و بۆ ئەوەی پشتگیری لەم جۆرە کارە بەرزانە بکەین، حەزمان کرد کاک ئازاد بدوێنین دەربارەی ئەم ئەزموونەی هەندێ شتمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

**پرسیار: بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستاندا زۆر کزە، ئایا دەتوانن دەستنیشانی هۆیەکانی ئەم کزییە بکەن، ئەو گیروگرفتانە چین و ئەو چارەسەریانەی وا لە وەرگێڕان دەکات بەرەو پێشەوە بڕوات... چین؟**

**وەڵام:** هەروەک هەموومان ئەوە بە چاکی دەزانین، کە وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا هونەرە و من بە داهێنانەوەی داهێنانی دادەنێم. هەر لەبەرەوەشە دەبێت وەرگێڕی (ئەدەبیی، یان هونەریی) خاوەنی سەلیقە و هەستێکی بەرزی هونەریی بێت. واتە نەک هەر تەنیا زمانزانین بەسە بۆ ئەوەی ببێت بە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو، بەڵکو دەبێت لە پاڵ ئەمانە، چەند مەرجێکی تری تێدا بێت، وەک ڕۆشنبیرییەکی فراوان، هەستێکی ناسکی هونەریی، لێزانیی و هەندێ شتی تر. بەڵام لەبەرەوەی زۆرجار دەبینین، کە کەسێکی کورد زمانێکی بێگانە بەچاکی دەزانێت، بەڵام ڕەنگە کوردییەکەی باش نەبێت، یان خاوەنی سەلیقە و هەستێکی هونەریی نەبێت، یاخود ڕۆشنبیریی کەم بێت، کە ئەمیش وا لەو کەسە دەکات، نەوێرێت دەست بکاتە هونەری وەرگێڕان. خۆ ئەگەر وێراش ئەوە بەرهەمەکە سەقەت دەکات. بۆیە تکا لەو برا زمانزانانەمان دەکەم، کە گرینگی بە هەموو ئەو مەرجانەی بۆ وەرگێڕێکی سەرکەوتوو پێویستە بدەن. تا بەم جۆرە بتوانین هونەری وەرگێڕان بۆ کوردیی پێشبخەین، زمان و ئەدەبیاتی کوردیی بە سامانی جیهانیی دەوڵەمەند بکەین.

**پرسیار: زۆر کەسمان هەن، کە دەستی نووسینیان هەیە و زمانی بێگانە دەزانن و شارستانییەتی ئەو وڵاتەیان بە تەواوی هەرس کردووە، کەچی دیسان بە داخەوە لەم بوارە دەستیان زۆر کورتە و هیچ بەرهەم و شاکاری ئەوتۆیان بۆ نەگۆڕیوین. ئایا تەنبەڵییە، یان ناشارەزاییانە لەو زمانە؟**

**وەڵام:** دەتوانم دەربارەی ئەو کەسانە، کە نووسینیان هەیە و زمانی بێگانەیش دەزانن و شارستانییەتی وڵاتی زمانە فێربووەکەیان باش شارەزان، بڵێم؛ ئەو کەسانە لەبەر یەکێک لەم هۆیانەی خوارەوە بەرهەم وەرناگێڕن:

أ- یاخود ئەوکەسانە زۆر تەنبەڵن.

ب- یاخود بە چاوێکی نزم تەماشای هونەری وەرگێڕان دەکەن.

ج- یاخود ئەوانە بەڕاستی ئەو زمانە نازانن، کە لافی پێوە لێدەدەن.

د- یاخود ئەوان بەڕاستی نووسەر نەبووینە و لەبەر ئەوەش لە ئەدەبی کوردییدا بواریان بۆ ڕەخساوە لە کاتێکدا کە لە ٪۹۰ ی میللەتی کورد نەخوێندەواربوون و لە (شاری کوێران)یشدا مرۆڤی یەک چاو شایە.

ه — هەندێکی دیکەش وا بیردەکەنەوە، کە کەڵەنووسەرانی جیهانی وەک (جۆیس، مۆپاسان، رامبۆ و بۆدلێر) و... نابێت بگۆڕدرێنە سەر زمانی کوردیی، چونکە ئەوان بە پرگال و سانتیم مەسەلەی ئەدەب دەپێون. کەچی نازانن ئەدەبی گەورە پێوانە بەخۆیەوە ناگرێت.

**پرسیار: چۆن و بۆچی بەتایبەتی بیرتان لە (جێمس جۆیس) کردەوە؟ بەڕاستی گۆڕینی ئەم ڕۆمانە قازانج و سوودی هەیە بۆ ئەدەبی کوردیی لەبەر شێواز، تەکنیکی تازەی و ناوەرۆکە بەپێزەکەی. بەڵام شێوازی جۆیس خۆیلەخۆیدا زۆر قورسە و کەم کەس لێی تێدەگەن. ئەو گیروگرفتانە چین، کە هاتنە ڕێتان؟ چۆن توانیتان چارەسەری بکەن؟**

**وەڵام:** چیرۆکی من و (جێمس جۆیس) زۆر دوورودرێژە. نزیکەی (دە) ساڵ لەمەوبەر من زۆر بەو نووسەرە دڵبەند بووم. ڕەنگە ئەوە لەبەر ئەوە بێت، کە کۆمەڵی ئێمە و کۆمەڵی ئێرلەندیی لە زۆر ڕووەوە لەیەک نزیکن. یاخود ڕەنگە ژیانی ماڵەوەی من و (جۆیس) زۆر پێک بچێت. خۆ بەگشتیش ئەو کێشانەی (جۆیس) لە ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی دا) لێی دەکۆڵێتەوە، کێشەی هەموو مرۆڤی سەدەی بیستەمە بەگشتی و کێشەی هەموو هونەرمەندێکیشە بەتایبەتیی. واتە ئەو هونەرمەندە یان مرۆڤە دڵ و دەروون پاکە هونەرپەرستەی، کە ئازادیی

خۆی و پیسنەبوونی هونەرەکەی لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێت. خۆ لەلایەنی تەکنیک و شێوازەوەش نووسەری کورد و خوێنەری کورد، پێویستە شارەزای ئەو تەکنیک و شێوازە نوێیانە بێت، چونکە بەڕاستی ئەوەی (جۆیس) بە داهێنانێکی گەورە دادەنرێت لە بواری ڕۆماننووسیندا. لەکاتی وەرگێڕاندا گەلێ گیروگرفت هاتنە ڕێم، وەک گواستنەوەی وەسف بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یان گواستنەوە و پێکبەستنەوەی ڕووداوێک بە یەکێکی ترەوە، یان بەکارهێنانی زمانێکی هونەریی یەگجار باڵا، یان نووسین بە دەستەواژەی قورس، یان بەکارهێنانی وێنەی هەستیی و (زهنی) و...

بەڵام لەبەرەوەی من بەچاکی شارەزای زمان، شێواز و تەکنیکی (جۆیس) بووم، (هەڵبەتە پاش ئەوەی (٢٢)جار ئەو ڕۆمانەم خوێندەوە و شەش جار وەرمگێڕا و نزیکەی نیو ساڵ لێکۆڵینەوەم لەسەری کرد) توانیم (جۆیس) کەمێک بۆ خۆم دەستەمۆ بکەم.

**پرسیار: هونەری وەرگێڕان هونەرێکی سەریەخۆیە، بۆ نموونە، کە وەرگێڕێک شتێک وەردەگێڕێت دەبێ بەتەواویی بچێتە ناو کلێشە و دەروونی ئەو نووسەرەوە و ئاوهەوای نووسینی ئەو بابەتە و ئەو چەرخە، دابونەریت و بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵە بە جوانیی شارەزا بێت. ئایا چۆن ئەو بەرهەمەت وەرگێڕا؟**

**وەڵام:** لە کاتی وەرگێڕانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوییدا) پتر لە شەش مانگ هەر خەریکی خوێندنەوەی سەرچاوە بووم لەسەر ئێرلەندا و (جۆیس) و ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەندەی من بە خوێندنەوەی سەرچاوەکان ماندوو بووم، نیو ئەوەندە بە وەرگێڕانەکەوە ماندوو نەبووم.

**پرسیار: (جۆیس) زۆر وشە و ڕستەی لاتینیی بەکاردەهێنا. چۆن توانیتان ئەو زمانە کۆن و دەوڵەمەندە، بگۆڕنە سەر کوردیی، بەتایبەتی لە پەراوێزەکاندا؟**

**وەڵام:** ئەو دەقە ئینگلیزییەی، کە من لێم وەرگێڕا باشترین دەق بوو، کە لەلایەن دەزگەی (هاینمان)ـەوە لە چاپ درابوو. دەقێکی زۆر دەوڵەمەندکراو بوو بە پەراوێز و تێبینیی. لەوێدا مانای هەموو ئەو ڕستە و دەستەواژە لاتینییانە بە ئینگلیزیی لێکدرابووەوە. بەڕاستی هەر ئەوە بوو زۆر یارمەتی دام و ڕێگەی ناخۆشی بۆ ئاسان کردم.

**پرسیار: ئایا بیرتان لەوە کردووەتەوە بەرهەمەکانی تری (جۆیس) وەک**

**(مۆســیقای ژوور)، (دەبلنییەکان) و (یولیسیس)، (فینیگانز وێیک) و (تاراوەکان) بکەنە کوردیی؟**
**وەڵام:** نەخێــر، تەنیا بیرم لەوە کردووەتــەوە، ئەگەر دوارۆژ پێم بکرێت شاکاری (یولیسیس) بکەمە کوردیی.

❊❊❊

شــایەنی باســە کاک ئازاد شــانۆیی (مردنی دێوەرەیەک) و (ئیمپراتۆر جۆنز) و چەندین وتار و وەرگێڕانی جۆربەجۆری بڵاوکردووەتەوە.
بەرهەمی تازەیشــی (وڵگەی ســزا) ی (فرانز کافکا)یە و دیوانەشیعری (گۆرانی کۆشی مەرگ) و ڕۆمانی (یەک سەدەی تاریک) چاوەڕێی ئەوەن چاوی خوێنەری کوردیان پێ ڕۆشن ببێتەوە و هەروەهایش (فەرهەنگی ئــازاد) و (فەرهەنگی ڕووەکیی) و کتێبی (بوونەوەرە هۆشــمەندەکانی بۆشایی ئاسمان)، کە دەربارەی زانستیی گەردوونە ....